کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 4-6-2007 1:15

# وەڵامێک بۆ مالیکی... عەزیز مەنسووربەگ

دانمارک

لە کاتی خوێندنەوەی چەند سایتێک لە ئینتەرنێتدا ڕۆژی 06 / 05 / 2007 هەواڵێکی هەفتەنامەی هاوڵاتی سەرنجی ڕاکێشام کە لە سەر زمانی نوری مالیکیی سەرۆک وەزیرانی ئێراقی فیدراڵ ڕایگەیاندبوو: پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان داهاتی هەردوو گومرگی ئیبراهیم خەلیل و حاجی ئۆمەران مانگانە ڕەوانەی بەغدا بکاتەوە دەنا حکومەتی ناوەندیش بودجەی هەرێم ڕادەگرێت. زیاتر لەوەش داوای هەموو ئەو پارانەشی کردوە کە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی گۆڕ بەگۆڕی بەعس لە ساڵی 2003 وە لەو دوو خاڵە گومرگییە وەرگیراون.

من وەکو هاوڵاتییەکی سادەی نە نوسەر و نە ڕۆژنامەنووس حەزمکرد لە ڕوانگەی تێگەیشتنی خۆم بۆ مەسەلەکە وەڵامێکی کورتی ئەو بەڕێزە بدەمەوە بۆ ئەوەنا کە بگاتە دەستی ئەو، بەڵکو تەنها بۆ وروژاندنی ئەو بابەتە هەستیارەی کە پێم وایە بە بێ وەڵامێکی ڕاگەیانراوی کوردی مەسەلەکە بێدەنگی لێکرا، یان ڕەنگە من ئاگام لەو وەڵامە نەبوبێت و پێم خۆش بوو هەر بۆ سوکنایی دڵ چەند دێرێک بنوسم.

هەموومان دەزانین کە ئابوری بڕبڕەی پشتی هەر وڵاتێک یان هەر کیانێکی سیاسییە و نەبوونی یان لاوازیی ئەم فاکتەرە گرنگە لە هاوکێشەکەدا وەدیهاتنی ئامانجە سیاسییەکان دەکاتە سەرابێکی دوور. بە تایبەتی بۆ ئێمەی تازە وەسەرپێکەوتوو.

من پێم وایە ئەو برادەرە ئەگەر دەستی بڕوا وەکوو سەددامی هاوڕەگەزی درێغی ناکا لە لاوازکردن یان بگرە سەرکوتکردنی ئێمەی کورد بە بێ گوێدانە ئەوەی کە قوربانییە لە بن نەهاتوەکانی کورد بوو لە هەڵەبجەو ئەنفال و دەیان کارەساتی دیکە کە ڕژێمی ڕووخاوی زیاتر لە بەردەم کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ڕسواکرد و لە ڕوخان نزیکتری کردەوە، دەنا ئەو برادەرە بە خەویش ئەو پۆستەی نەدەبینی کەچی ئێستا بە حوکمی زۆرینە لەو شوێنەدا خۆی دەبینێت و دەیەوێت فەرمان بە سەر میللەتێکدا بکات کە خاوەنی ئەو هەموو قوربانییەیەو لە حاڵی ئێستاشدا هەزاران ئەنفسەر و پلەداری مەشقپێکراوی دانشگا سەربازییەکانی زاخۆ و قەڵاچوالانی هەیە جگە لە دەیان هەزار پێشمەرگە، لە کاتێکدا خۆی لە چەند گەڕەکێکی ناو گرین زۆنی بەغدادا فەرمانڕەوایی هەیە و زیاتر نا... ئەی ئەگەر سبەینێ دەسەڵاتی فراوانتر بوو ئاخۆ داوای چیترمان لێبکا؟

پێدەچێت ئەو برادەرە ئەوەندە پەلەی بووبێت لە ڕاگەیاندنی ئەو بڕیارە مێژووییەیدا فریا نەکەوتووە بزانێت چەند خاڵی گومرگی لەو هەرێمەدا هەیە کە سنووری لە گەڵ 3 وڵاتدا هەیە و خوا پشتیوان بێت لە داهاتوویەکی نزیکدا ئێراقەکەی ئەویش دەبێتە چوارەمیان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

من دەڵێم ئەگەر بەغدا بە ڕاستی بیەوێت ئەم سیاسەتە پیادە بکات دەبێت سەرکردایەتی کوردیش لە بەرامبەردا داوای ئەو هەموو نەوتە دزراوەی کەرکوک بکاتەوە کە لە ساڵی 1927 ەوە یەکەم بیری تێدا لێدراوە و 17% ی ئەو نەوتە بۆماوەی هەشتا ساڵ بدرێتەوە بە حکومەتی هەرێم، زانینی ئەو بڕەش زۆر بە ئاسانی لە ڕێگەی کۆمپانیا نەوتییەکانی وەکو APC دەزانرێت کە لەو کاتەوە چەند بەرمیل نەوت دەرهێنراوە. جگە لەوە دەبێت قەرەبووی هەموو ئەوانە بکرێتەوە کە هەر بە پارەی نەوتەکەی خۆیان تانک و تۆپ و فڕۆکەی پێ کرڕا بۆ قڕکردنییان. ئەگەر جەنابی مالکیش بفەرموێ ئەوە پەیوەندی بە منەوە نییە و ڕژێمی پێشو لێی بەرپرسیارە، ئەی کەواتە بۆچی ڕۆژانە خەریکی پاڕانەوەن لە وولاتانی دنیا کە لە قەرزە کۆنەکانی ئێراقی سەردەمی سەددامی گۆڕبەگۆڕ خۆشبن؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.